پزیشکیان: هەندێك وڵات دەستیان بە هەوڵی نێوەندگیریی کردوە

مەسعود پزیشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران رایگەیاند، هەندێك وڵات دەستیان بە هەوڵدان کردوە بۆ نێوەندگیریی، دەبێت روی دەمی ئەو وڵاتانە لەوانە بێت کە ئاگری ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند.

مەسعود پزیشکیان، سەرۆك کۆماری ئێران، ئەمڕۆ هەینی، لە پەیامێکدا لە تۆی کۆمەڵایەتی ئێکس وتی، هەندێك وڵات دەستیان بە هەوڵدان کردوە بۆ نێوەندگیریی.

وتوشیەتی، وەڵامی ئێمە بۆ ئەوان رونە: ئێمە پابەندین بە ئاشتییەکی هەمیشەییەوە لە ناوچەکە، بەڵام بە ئەندازەی سەرە دەرزییەك دودڵ نین لە بەرگریکردن لە شکۆ و سەروەریی وڵاتەکەمان.

جەختیشی کردەتەوە کە دەبێت روی دەمی ئەو وڵاتانەی نێوەندگیریی دەکەن لەو کەسانە بێت کە ئاگری ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند.